www.kurdistannet.org
20-8-2003 23:34

# خۆ تەكريد كردن و قسەی پڕو پوچ.

ئەحمەد دەشتی

له ڕۆژی 20003. 8. 15 دا رۆژنامەكەی ئەلقودسی باری عەتوانی سەربە سەدامە رووخاوەكەم دەخوێندەوە له یەكێ له لاپەرەكان دا چاوم بە نوسینێك كەوت بە ناوی (خالد جافێكە) وە كە لە ژێر ناوەكەی نوسرابوو كوردێك:لە بەرلین هەرچی قسەی ناراست و پرو پوچ و بێ كەلك بوو لەو وتارە نوسراوەو هەرەشەی لە گەلی كورد كردووە كە كورد برایەتی كوردو عارەبی لە دەست خۆ داوە ! ! لە بەر ئەوەی كە كورد هاوپەیمانیەتی لە گەل ئەمەریكادا كردووە و دەلێت: كوردەكان گەلێ دەستكەوتوەكانی رابوردویان لە دەست دا بە هاوكاری كردنی ئەمەریكا ! ! !گەلۆ دەبێ كە مەبەستی ئەو خالید جافە مەبەستی دەسكەوتەكانی رابوردووی كوشت و كوشتار بێت ؟چونكە گەلی كورد لە ڕابوردوودا جگە لە كوشت و كوشتارو زیندە بە چال و ئاوارەیی و دەربەدەری و مال وێرانی بە دەست ڕژێمەكانی یەك لە دوای یەكی عێراق بە تایبەتی ڕژێمی بەعسی فاشی هیچ دەسكەوتێكی تری نەبووە كێ بێ نەزانێ كە ئەو درندانەی بەعسی گۆڕ بە گۆڕ چیان بە سەر گەلی كورد و كوردستان هێناوە ؟ كێ بێ نەزانێ كە گەلی كورد جگە لەو هەموو كارەساتانە سامانكانەوە زیاتر بە دەست سەدامیانەوە چیتری دەست نەكەوتووە، كەچی ئەو كابرایە ملهورە بە ناو خالید جافەوە زۆر بێ شەرمانە لە وتارەكەی دا عێراقیش بە خاكی عارەبان ناو دەبات و حەسرەت بۆ لە دەست چوونی كوشت و كوشتاری دژ بە گەلی كورددەخوازێت، ئەو كابرایە هەر لە وتارەكەی دا زۆر بێ شەرمانەو بێ خەیال كوردستانی ئازیزمانی تەعریب كردووەو دەلێت (عێراق العربی) كە ئەمە بەراستی هەستی ئەوان كەسە شۆپێنیانەیە كە ئەو خالید جافە وا خەمی لە دەست دانی برایەتیانی بۆ گەلی كورد هەلگرتووە، ئەم كابرایە عارەبە كە ناوەكی خۆی گریوەو خۆی تەكرید كردووە و بە ناوی كوردێكەوە زۆر پروپوچانە دەدوێت و دیارە كە ئەو جگە لەوەی كەعارەبێكی قەومی سرفەو دیاریشە كە جگە لە هاورێی باری عەتوان بەولاوە شتێكی تر نیە بۆیە وا دۆل لێدەری سەدامیانە، ئەم كابرایە كەوا چۆن ناوەكەی خۆی تەكرید كردووە و درۆی لە گەل خۆشیان كردووە، ئاواش سەرتاپای وتەكانی درۆ و دەلەسەیەو هیچ و پوچیەو وتارەكەشی جگە لە زبلدانەوە لە هیچ شوێنێكیی تر جێگەی نابێتەوە، لە شاری بەرلین كە من لێی دەژیم هیچ كوردێك بەو ناوە لە شاری بەرلین نیەو نەبوە، من بە باوەرەوە دەلێم كە هیچ كوردێكیش لەم رۆژگارە دا كە ئەم هەل و مەجە لە بارەی بۆ كوردستان هاتۆتە كایەوەو وا گەلی كورد بەرەو ئاسۆیەكی روون و دیار دەڕوات و كورد لە زولم و زۆرداری لەو پارچە كوردستانەمان ڕزگار و ئازادە، پێم وایە كە هیچ كوردێك قەت و قەت ئەوەندە بێ ئەمەك و دژ بە گەلەكەی خۆی نابێت كە لە رۆژنامەیەكی سەد لە سەد سەر بە بەعسیەكان بۆ باری عەتوانی سەر نوسەری ئێستاش سەر بە سەدامیانەوە ئەوەندەدلسۆز بێت و بەو جۆرە دژ بە گەلی خۆی بنوسێت و پەلاماری گەلی كورد بدات و ئەوەندەبۆ عارەبان نكۆلی لە مافەرەواكانی میللی خۆی بكات، بێجگەلە كەسانی وەك تەها جەزراوی و ئەوانی وەك ئەو كە خۆیان دەلێن خوێنمان بووە بە عارەب هیچ كوردێ ئەمرۆكە بەو شێوەیە وەدی ناكرێت.

ئەم كارەی كە ئەمرۆ گەلی كورد پێی هەلساوەو هاوكاری هاوپەیمانەكانی كردووە بۆ ڕوخاندنی گەورەترین جنایەتكارو دوژمن بە گەلەكەی خۆی كە بینیمان چە كارەسات و نەهامەتی و رەنج و ئازاریان بە سەر گەلی كورد بە تایبەتی و گەلی عێراق بە گشتی هێناو چۆن بە هەزاران هەزارانیان لە گەلی كورد ئەنفال كردو سەدان هەزار گوندی كوردەواریان بە خاك یەكسان كردو هەتا توانیان زەبرو زەنگیان دژ بە كورد بە كار هێناو بە سەدان هەزار رۆلەكانی گەلی كوردیان زیندە بە چال كردو بە كۆمەل كوژی و پەلاماریان بە هەزارانیان لە ناو بردین و بە چەكی كیمیایی خەردەل وسیانیدو سارینیش هەلەبجەیان شەهید كردو بە هەزارانیشیان لە ناو بردین و وەبەر بۆمبای شیمایابیان داین و بە جاری هەشت هەزار بارزانی و پینج هەزار كەسیان لە شاری هەلەبجەی شەهید لە ناو بردین، ئەو سەدامیانەی كە خۆیان داوای عروبەچیاتیان دەكرد و ئەو هەموو زولم و زۆرداریەیان بە سەر گەلی كورد دا هێناو رۆژێ لە رۆژانیش یەكێ لەو برا عەرابانەی كە ئەو خالید جافەفرمێسكیان بۆ هەل دەڕێژێ و بەرگریان لێ دەكات و هەرەشە لە گەلی كورد دەكات و بە ناوی ئەوەی كە گەلی كورد برایەتی كوردو عارەبی لە دەست داوە چونكە هاوكاری هێزە خێرخوازەكانی دژ بە سەدام و روخێنەرانی سەدامیان كاری كردووە، من بەو خالید جافە كە

خۆی تەکرید کردووە و ئەویش هەر عارەبەو لە دەستەی باری عەتوانی سەر نوسەری ڕۆژنامەی ئەلقودسەوەیە دەلێم تۆ لە گوێی گادا خەوتووی و گەلی کورد ئەمڕۆکە شانازی بەو هەل و مەرجەی دەکات کە بۆی هەلکەوتوە، گەلی کورد هەمیشە هاوکاری هەموو کەسێکە کە دوژمنانی درندەو جنایەتکارانی داگیرکەرو درندەی لە ناو بەرێت، بە تایبەتی جنایەتکارانی وەك سەدامیانی مرۆ کوژ کە دژ بە هەموو مرۆڤێك و گەلی عێراق بە تایبەتی گەلی کورد ئەو هەموو مال وێرانی و ئاوارەیی و کوشت و کوشتارو کارە نامرۆڤانەیان دژ بەو هەمو خەلکە بێ تاوانەکان ئەنجام داوەو تەنانەت جیهانیشیان خستبووە خەتەرەوەو ڕژێمەکەی خۆی کردبووە حامی ترۆریستان و هەرەشەی لە هەموو جیهانیان دەکرد، من پێم وایە هیچ مرۆڤ دۆستێك و نیشتمانپەروەرێك لەم جیهانە دا پەیدا نابێت کە دژ بە روخانی سەدام بێت و تەنیا چەلاو خورو تەپشو ریدین و ئەوانەی کە فرچکیایان بە مرۆ کوژی و کاری ترۆریستی گرتووە، بەرگری لە سەدامی جنایەتکار کردن گەورەترین گوناهەو هاوکاریەتی ئەوان نیشان دەدات کەوا یاری سەدام بووینەو بەس، تۆش ئەی بەناو خالید جاف ئەوە چاك بزانە کە گەلی کورد هیچ باکێکی بەو شتەنارەواو دەهۆل و زوڕنای نوساوی تۆی بە ناو کوردەوە نیە کەوا هەرەشە لە گەلی کورد دەکەی، من بەش بە حالی خۆم وەك کوردێك شانازی بەوە دەکەم کە دەبینم ئەمرۆ کوردستانەکەم جا لە ژێر هەر سایەکەوە بێت کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوەو بە شتێکی خەراپی دادەنێی وا ئالای کوردستانەکەم لە سەر خاکەکەم لە سایەی ئەوانەی کە تۆ باسیان دەکەی وا دەشەکێتەوە کوردستانەکەم لە ژێر چنگی ئەوانەی کە تۆخۆشت دەوێن وا رزگارو سەربەخۆ بووە و ئیتر بە ناوی برایەتی و خۆ بە گەورەتردانان و خواردنی مافەکانی گەلی کورد بە سەر چووەو باوی نەماوەو تازە گەلی کورد بەرەو ڕزگاری هەمیشەیی دەڕوات و کوردستانی تەعریب کراو وا ڕزگارو سەربەکوردەو تۆش هەر زورنا لێ بدەو سیر بخۆ ئەی بەناو خالید جافەعارەبەخۆ تەکریدەکەرەکە، من کە خاوەنی مافی نیشتمانی خۆم و وەلاتەکەی خۆم بم باکم لە هیچ دوژمنێکەوە نیە و رێزم بۆ هەموو ئەوانەشەوە هەیە کە رێزم لێ دەگرن و دوژمنی هەموو ئەوانەشم کە دژایەتیم دەکەن، ئەوەش باش بزانە تازە ئاغاکانی جەنابت ناگەرێنەوە کوردستانەکەم، گەلی کوردیش لەوەی کە کردویەتی هیچ پاشە کشەی لێ ناکات و پەشیمان نیەو شانازی بەو خەبات و تێکۆشانەی خۆی دەکات، کامە عارەبی کە جەنابت باسی لێوە دەکەی ڕۆژێ لە ڕژان بۆ دۆستایەتی کردنی گەلی کورد شتێکیان دژ بە سەدامە دکتاتۆرە جنایەت کارەکەی کە هەر لە تەمەنی من دا ئەوا بوو بە پەنجا سال بە زۆر ناوو ناتۆرەوە کورد دەکوژن و لە ناوم دەبەن، ئەمرۆکەش کامە وەلاتانی عارەبی هاوکاری ئەم هەلە پیرۆزەیان کردووەو دلخۆشیان بە روخانی ئەو جنایەتکارە تا ئێستا دەربڕیوە، بە پێچەوانەوە قرمێسکی لە دەست چوونی سەدامیان هەل دەرێژن، جا تۆ ئە خالید جافی کە خۆت تەکرید کردووە ئەو قسە پروپوچانەی جەنابت جگە لە دوژمنایەتی کردنی گەلی کورد هیچ شتێکی تێدا نیەو دەکەوێتە زبلدانی مێژووەوەو کەس خۆشی پێ ناسڕێتەوە سا هەر دەهۆل لێ بدەو سیر بخۆ و زورنا بژەن ئەی خالد جافی ناو گۆراو، باشترین بەلگەش بۆ ناراستی گوتنی جەنابی تۆ ئەوەیە کە ناوی خۆت گۆڕیوەو خۆشت کردووە بە کورد تۆش یەکێکی لەو عاەرەبانەی هاوکاری باری عەتوانی سەر بە سەدامیانی و بەس، ئێوە کە ئێستاش زگتان بۆ سەدام و دام و دەزگاکەی دێشێ و بۆنی خوێن رشتنتان لێ براوە بۆیە وا پەلەقاژەی مەرگ دەکەن و دژ بەو هەل و مەرجەی ئەمرۆی عێراقن و تازە نەسەدام دەگەرێتەوەو نە گەلی کوردیش دەکەوێتەوەناو داوی ئەم قسە پرو پوچانەی کە بە ناوی عارەب و عروبەو عێراقی عارەبی لێ دەدەن تازە گلۆلەی کەسانی وەك ئێوە لە لێژیەو هەر بە رەو لێژی دەروات و گەلی کوردیش ئازادو ڕەهاو سەر بەخۆ دەبێت، ئەمەش بە کوێرایی چاوی داگیرکەران و دوژمنانی کوردو کوردستان.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.